


# زیانەکانی بەرکارهێنانی

# Turkish Siding

# (ئەسترۆپۆڵ)


٢٠٢٤

JULY 25


ئەندازیاری تەلاسازی ڕێپێدراو

سۆران عمر حمه سعید

ژمارەی پێناس : ١٠٢٣٢



# ناوەرۆک

## ڕاپۆرتی شیکاری


- پێشەکی
- پێکهاتەکانی کەرەستە
- شێوازی دانان
- کوالیتی کەرەستەکە و بەراوردی بە کەرەستەکانی دی
- هۆکاری بەکارهێنان
- کۆمپانیاکانی دابینکار
- بوارەکانی زیان گەیاندن
- هۆشیاری تاک بۆ بەکارهێنان
- ڕاسپاردەکان
- دەرئەنجام

# پێشەکی

هەرێمی کوردستان یەکێکە لە هەرێمە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە بە کەرەستەی ناوخۆیی وەک (بەردی مەڕمەڕی سروشتی و بەردی گەچی و بەردی سمنتی و دار و بەردی سروشتی هەورامان و بەردی کانگاکان و .....هتد ) کە دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ ڕووکاری یەکەکان و دیوی ناوەوەی یەکەکان لە بواری نیشتەجێبوون و بازرگانی و هەموو یەکەکانی تر ، هەروەها لە ڕووی سەرمایەی نیشتیمانی سەرچاوەی سروشتی بە گرنگترین ناوچەی رۆژهەڵات دادەنرێت و پێویستە ڕەچاوی هاوردەکانی بکرێت و کەرەستەی بێ کوالیتی ڕێگەی هاتنەناوەوەی پێ نەدرێت و سوود لە سەرچاوەکانی خۆی وەربگرێت یاخود لە کاتی پێویستی هاوردەکردن کەرەستەی کوالیتی باش هاوردە بکرێت .

کەرەستەی ئەسترۆپۆڵ یەکێکە لەو کەرەستە باوانەی کە لە ئێستادا بەکار دەهێنرێت لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان و سەرەتای بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕووی بازاری تورکیادا و لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و ساڵانی دوایی هاتۆتە نێو بازارەکانی کوردستان و بە کەرەستەیەکی زۆر بەکارهێنراو و داواکاری زۆری لەسەر بێت هەژمار دەکرێت

بە بێ بوونی هیچ داتایەکی ڕاستەقینە بۆ بەدیار خستنی زیانەکانی و سودەکانی لەهەمان کاتدا شێوازی بەکارهێنانی وەک بەکارهێنانی کەرەستەکە خۆی بە بێ بوونی شێوازێکی تەندروست و ئەندازەی بەکاردێت

لەم ڕاپۆڕتەدا هەوڵ دەدەین بە شێوازێکی زانستی و ئەندازەی باس لە کەرەستەکە و پێکهاتەکانی و هۆکارەکانی بەکارهێنانی بکەین لە پارێزگاکانی کوردستاندا و هۆکارەکانی پشتی بە بازارخستنی ئەم جۆرە کەرەستانە دەخەینە ڕوو

## پێکهاتەکانی کەرەستە

**ئەستروٚپوٚڵ بە گشتی کەرەستەیەکی بیناسازی موٚدێرنە و لە زمانی گشتی و بازاری دا بە تەپەدوٚر ناودەبرێت  لە ڕووی پێکهاتەیی دابەشدەبێت بوٚ ئەم چینانەی کە ئاماژەی پێ دەدرێت**


- **چینی یەکەم :**

**تەبەدوٚر بە ئەستوری ٤ بوٚ ٦ سم بە چری مامناوەند کە بە ئاسانی دەتوانرێت دەنکوٚڵەکانی جیا بکرێتەوە و پەستانی بە شێوەیەکی چر بوٚ نەکراوە و دەنکوٚڵەکانی بە چاو دەژمێردرێت کە لە پاشاندا ڕوونی دەکەینەوە کە لە کوالیتی خودی کەرەستەکەدا زیانەکانی چین ،ئەم چینە تەبەدوٚرە بە چینی ژێرەوەی ئەستروٚپوٚڵ دادەنرێت  بە مەبەستی ڕێگری بەکاردێت لە گەرما و سەرما و شێ لە نێوان دیوی دەرەوەی یەکەکە لەگەڵ دیوی ناوەوەی یەکەکە واتە پاراستنی گەرمی لە زستان و ساردی هەوای ناو یەکەکە لە هاوین دا وە پاراستنی شێ و  هاتنە ناوەوەی شێ و باران لە زستاندا کە بە دووری و ئەستوری جیاواز دروست دەکرێت بە کوالیتی نزم و بازاڕی تەنها بوٚ فروٚشتن و ساغ کردنەوە لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان دا .**

- **چینی دووەم :**


**پێکدێت لە چینی دەرەوەی کەرەستەکە کە بە گیراوەی کەلەکیمی تایبەت ڕوپوٚشێک بوٚ چینی یەکەم کە چینی تەبەدوٚرە کراوە بە ئەستوری ٣ بوٚ ٦ ملم بە شێوازێکی نیمچە زبر و بەهێزی کەم ،ئەم چینە چینی سەرەکی کەرەستەکەیە کە بە ڕوپوٚشی کوٚتایی دادەنرێت و پاشان بوٚیاخ دەکرێت پاش دانانی یەکە ئەستروٚپوٚڵەکان لە تەنیشت یەکتر و پڕکردنەوەی درزی نێوانیان بە کەلەکیمی تایبەت یاخود سلیکوٚنی تایبەت بە کارەکە کە شێوازێکی نازانستی نا تەندروست دادەنرێت پاشان بوٚیاخ دەکرێت و بە کوٚتا ڕووی یەکەکە لە ڕووی دەرەوە دادەنرێت واتە ڕووپوٚشی باڵەخانە یان خانوو یان یەکەکە دەبێتە ئەم چینە و ڕاستەوخوٚ لەگەڵ کەش و  هەوای دەرەوە بەریەککەوتنی دەبێت کە لە پاشان دا باسی لێوە دەکەین کە زیان و سودەکانی ئەم چینە چین و ڕوونی دەکەینەوە لە وێنەکانی خوارەوەدا ئاماژە بە چینەکان و وێنەی ڕوون کردنەوەی کەرەستەکە دەخەینە ڕوو :**

**وێنەی خوارەوە ڕوون کردنەوەی چینەکانی کەرەستەی ئەسترۆپۆڵە کە تەنها لە دوو چینی نا پتەوی کەلەکیم و تەبەدۆر پێک دێت کە زۆر بر ئاسانی توشی شکاوی و قرنجاندن و قوپاندن دەبێت لە کاتی بەرکەوتەی لەگەڵ هەر شتێکی تر دا**



- ✓ **وێنەی یەکەم جۆرەکانی ئەسترۆپۆڵە کە لە دیواردا بەکار دێت و بە ڕوونی چینەکانی دەردەکەوێت کە تەنها لە دوو چین پێکهاتووە و ڕەنگی سپی تەبەدۆرە و ڕەنگە بێجەکە چینی کەلەکیم یاخود چینی دووەم یان دەرەوەیە**

- ✓ **وێنەی دووەم جۆرەکانی دیکۆری ئەسترۆپۆڵە وەک (پایە ،تاج،تووڵ،زنجیری ....هتد) کە بە هەمان چین ڕووپۆش کراوە و لە دوو چین پێکدێت**



وێنەی -١-

وێنەی -٢-



## شێوازی دانان

- ✓ شێوازی دانانی ئەسترۆپۆڵ دوو جۆری باوە لە کوردستان دا لە ڕووی چۆنیەتی

- ✓ دانانی لەسەر ڕووکاری دەرەوە لەسەر ڕووپۆشی لەبخ
- ✓ دانانی لەسەر ڕووکاری دەرەوە لەسەر بلۆکی کۆنکریتی

شێوازی یەکەم و دووەم هەمان پرۆسەن

بەڵام شێوازی یەکەم لەسەر لەبخ و دووەم لەسەر بلۆک دادەنرێت :

لێدانی کەلەکیمی تایبەت لە پشتی کەرەستەکە و پاشان دانانی لە تەنیشت یەکتر و لێدان بە لەپی دەست بۆ توندکردنەوەی بە ڕووکارەکەوە کە جۆینتەکان ناچنەوە سەر یەک و بەرز و نزمی لە گۆشەکان و لە تەنیشت یەکتر دروست دەبێت



شێوازی لێدانی کەلەکیم لە پشتی پلێتەکان

دانان لەسەر بلۆکی کۆنکریتی ڕاستەوخۆبە بێ ڕووپۆشکرنی ڕووکارەکە بە لەبخ دەبێتە هۆی بەرزی و نزمی لە پلێتەکان دا ئەمەش دەبێتە هۆکاری ناتەواوی لە کار و دزینی باران و شێ و گەرمی و ساردی و مانەوەی ساڵێک تێپەڕ ناکات کارەکە تیک دەچێت و پێویستی بە نۆژەن و گۆڕانکاری دەبێت



**چۆنیەتی دانانی پلێتەکان کە چەمانەوەی هەیە پێش دانان ئەگەری دروست بوونی درز هەیە پاش چەند مانگێک**



**جۆینتەکان و گۆشەکان ڕوونن کە بە چ شێوازێکی نا ئەندازەیی دەردەکەون**


## کوالیتی کەرەستەکە
## و بەراوردی بە کەرەستەکانی دی

ئەستروٚپوٚل کەرەستەیەکی بیناسازی موٚدێرنە کە پێکهاتووە لە دوو بەشی ڕووپوٚشی بوٚ ڕووکاری دەرەوە زیاتر بەکار دێت لە ڕووی کوالیتی گەر باسی چینەکان یان بەشەکانی بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە دەتوانین کوالیتی کەرەستەکە بناسێنین :

I. ڕووپوٚشی تەپەدوٚر یان تەبەقی تەبەدوٚر
ئەم بەشە پێک دێت لە چینێکی ٤ بوٚ ٦ سم کە لە سادەترین و هەرزانترین جوٚری تەبەدوٚر دروست کراوە
ئێمە لێرەدا بە پێویستی دەزانین جوٚرەکانی بەرگری (عزل) بە تەبەدوٚر بە پێی جوٚرەکانی پوٚلێن بکەین کە لە چوار جوٚری سەرەکی پێک دێت و دواتر باس لەو جوٚرەی بکەین کە لە ئەستروٚپوٚڵ دا بەکار دەهێنرێت

- جوٚری یەکەم : پلێتی تەبەدوٚری ڕاخراو Expanded polystyrene boards
- جوٚری دووەم : پلێتی تەبەدوٚری پەستێوراو Extruded polystyrene boards
- جوٚری سێهەم : پلێتی تەبەدوٚری پەستێوراو بە چری بەرز Polyurethane foam insulation panels
- جوٚری چوارهەم : ڕوٚڵی فایبەر گلاسی Fiberglass roll sheet

لە وێنەی خوارەوەدا جوٚرەکانی کەرەستەی بەرگری ڕوون دەکاتەوە :




لە دروست کردنی ئەسترۆپۆڵدا جۆری یەکەم بەکاردەهێنرێت کە هەرزانترین و سادەترین جۆری بەرگری (عزل) کە کوالیتی نزمە و چەندین کێشەی هەیە کە دواتر باسیان لێوە دەکەین

**II. ڕووپۆشی چینی دەرەوە**

ئەم بەشە سەر تەبەقی تەبەدۆر دەگرێتەوە کە لە چینێکی تەنکی کەلەکیم و یان چیمەنتۆی پێک دێت و زۆر بە ئاسانی دەشکێت یان کوون دەبێت یان دەچەمێتەوە و گەڕ دەبێت و تێک دەچیت

## بەراوردی بە کەرەستەکانی دی

ئەستروٚپوٚڵ کەرەستەیەکی بازاڕی هەرزان و کوالیتی نزمە، گەر بەراوردی بکەین بە کەرەستەکانی تری بیناسازی کە بەکار دێن ئەوا دەتوانین بە خشتەیەک بەراوردەکە بخەینە ڕوو پاشان شیکارێک بۆ خشتەکە بکەین:

خشتەی ژمارە -١-

| ژمارە | کەرەستە | توانای بەرگەگرتن | توانای مانەوە | توانای بەرگری (عزل) | نرخ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەڕمەڕ | زۆر | زۆر | مامناوەند | گران | |
| ٢ | بەردی هەورامان | زۆر | زۆر | زۆر | مامناوەند | |
| ٣ | تەختە | مامناوەند | زۆر | زۆر | مامناوەند | |
| ٤ | خشت | زۆر | زۆر | زۆر | مامناوەند | |
| ٥ | ئەستروٚپوٚڵ | کەم | کەم | زۆر | هەرزان | |

بە پێی زانیاریەکانی نێوخشتەکە بۆمان دەردەکەوێت کە لە کاتی بەکارهێنانی ئەستروٚپوٚڵ دا ئێمە بڕیارێکی تەندروست و ئەندازەییمان نەداوە بۆ هەڵبژاردنی کەرەستەی ڕووکاری پێشەوەی بیناکەمان لە ڕووی مانەوە و بەرگەگرتن و لە ڕووی ئابوری و دارایی گەر بەراورد بکەین لە نێوان ئەستروٚپوٚڵ و ئەو کەرەستە بیناسازیانەی کە ناوخۆیین ،سەبارەت بە ئەو کەرەستانەی کە هاو پۆلێنی ئەستروٚپوٚلن لە خشتەیەکی تردا ڕوونی دەکەینەوە کە کامیان باشترن بۆ بەکار هێنان وەک جێگرەوە گەر کار بۆ بەرگری (عزل) بکەین کە مەبەستە سەرەکیەکە لە بەکارهێنانی ئەستروٚپوٚڵ بە ووتەی گشتی بەرگری (عزل) لە سەرما و گەرما و شێ :

**خشتەی ژمارە -٢-**

| ژمارە | کەرەستە | توانای بەرگەگرتن | توانای مانەوە | توانای بەرگری عزل | نرخ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەسترۆپۆڵ | کەم | کەم | زۆر | کەم |
| ٢ | مۆمەنتەم **Momentum** | زۆر | زۆر | زۆر | مامناوەند |
| ٣ | مانتاڵەمە **Manta lama** | زۆر | زۆر | زۆر | مامناوەند |

**لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەسترۆپۆڵ لە کەرەستە هاو شێوەکانی خۆشی لە کوالیتی دا باشتر نییە کە لە نرخدا نزیکن لە یەکتر و کە ڕوویەکی باشتر و توانای بەرگەگرتن و مانەوەی زیاتریان هەیە ،مەبەست لە توانای بەرگەگرتن توانای لە ڕووی بەرکەوتنی لەگەڵ کەرەستەی تر یان بەرکەوتنی لەگەڵ مرۆڤ وەک پیاکێشان یان هەر کاریگەریەکی تر ،وە مەبەست لە توانای مانەوە واتە توانای کەرەستەکە بۆ مانەوەی و خۆ گونجاندنی لەگەڵ سروشت دا کە ماوەیەکی کەمتر دەمێنێتەوە و لە دوای چەند سالێک پێویست بە گۆڕین دەکات نەوەک نوژەن کردنەوە کە دووجار زیان بە ئابوری دەگەیەنێت ،هەروەها لە ڕووی جوانی و بینینی تەلارسازی ڕوویەکی نابەخشێتە کارەکە و پرۆژە یان باڵەخانە یان خانووەکە بە خانویەکی (فەقیر) سەیر دەکرێت لە زمانی ئینگلیزیدا بە (چیپ) ناودەبرێت کە لە ڕووی تەلارسازی بە واتای بێ کوالیتی و ئاست نزم هەژمار دەکرێت .**

**کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەسترۆپۆڵ کەرەستەیەکی بیناسازی مۆدێردنی بێ کوالیتی یە کە لەلایەن زۆرینەی خەڵک بەبێ هووشیاری تەلارسازی بەکار دێت بە بێ ڕەچاوکردنی زیانە ئابووری و داراییەکانی کە بەهەدەردانی سامانی نیشتیمانی و بەکەرنەهێنانی کەرەستە کوردیە نیشتیمانیەکانی لێدەکەوێتەوە و زیان بە ئابووری ناوخۆ و دەرەوە دەدات .**

## هۆکارەکانی بەکارهێنان :

**هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئەسترۆپۆڵ لە کوردستان دا دەگەڕێتەوە بۆ :**

**١.نەبوونی هووشیاری تاک لەسەر بەکارهێنانی کەرەستە بیناسازیەکان و نەبوونی ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی هووشیاری بۆ بەکارهێنانی ئەو جۆرانەی کوالیتی بەرز و باشترن لە ڕووی کەرەستەکە وەک کوالیتی و لە ڕووی گەشەسەندنی ئابووری.**

**٢. نەبوونی هووشیاری تاک لەسەر ناساندنی زانستی ئەندازیاری تەلارسازی و گرنگی و بایەخی ئەندازیاری تەلارساز کە پسپۆڕە لە ناساندنی کەرەستە بیناسازیەکان کە لە کاری تەواوکاری بەکاردەهێنرین.**

**٣.هەرزانی لە نرخ دا کە لە پێش هەموو بیرکردنەوەکان نرخ گرنگە بەلایەنی کەسی خاوەنکار و بیری لە لایەنەکانی تری ئەو کەرەستانە ناکاتەوە کە هەرزانن و توانای مانەوە و بەرگەگرتنی کەش و هەوای کورستانیان نییە کە لە وەرزی زستان دا بۆ ١٠ پلە ژێر پلەی سیلیزی و لە هاوین دا بۆ سەروو ٥٠ پلەی سیلیزی بەرز دەبێتەوە و ئەمەش هۆکارە بۆ تیکچوونی کەرەستەکان کە توانای مانەوە و بەرگەگرتنیان کەمە .**

**٤.جوانی ڕووکەش لە کەرەستە بیناسازیەکان دا هۆکارە بۆ زۆر بەکارهێنان و بەکارهێنەری زۆر دەبێت بەبێ لێکدانەوە بۆ کوالیتی کەرەستەکە کە بە بەشێک لە چاولێکەری ناودەبرێت.**

**٥.خێرایی ئەنجام کە لەو جۆرە کەرەستانەدا کە بەکاردەهێنرێت کە بە خێرایی کارەکانی تەواو دەبێت و قۆناغەکانی کارکردن لەسەری لە یەک قۆناغ زیاتر تێناپەڕێت و کوالیتی کارەکان لەبەرچاو ناگیرێت.**

**٦.کەمی کرێی دانان و کارکردن بەو جۆرە کەرەستانە بە هۆکارێکی گرنگی بەکارهێنان هەژمار دەکرێت بۆ نموونە کارکردن بە بەرد یان مەڕمەڕ چەند جارەی تێچووی ئەسترۆپۆڵ دەبێت.**

## کۆمپانیاکانی دابینکار

کۆمپانیاکانی دابینکەری ئەو جۆرە کەرەستانە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی کوالیتی نزمی کەرەستەکانن کە دێتە ناوخۆی هەرێمی کورستان ڕوون کردنەوەی زیاتر لەم خاڵانەدا دەخەینە ڕوو :

١.ویستی قازانجی زیاد لە بڕی دیاریکراو لە لایەن کۆمپانیاکانی دابینکەر لە کاتی هاوردەکردنی ئەو جۆرە کەرەستانە داوا لە کۆمپانیایی دروستکەر دەکەن کە بە کوالیتی نزم کەرەستە کان بەرهەم بهێنن بە ویستی قازانجی خۆیان .

٢.هاوردەکردنی کەرەستە بیناسازییە کوالیتی نزمەکان لەلایەن کۆمپانیاکانی هاوردەکردن بە بێ لێکدانەوە و گوێدان بە کوالیتی

٣.نەبوونی کوالیتی کۆنترۆڵ بۆ هاوردەکردنی ئەو جۆرە کەرەستانە کە کوالیتی خراپن لە دەروازە سنوریەکان کوالیتی کۆنترۆڵ بە دامەزراوەیی کراوە بەڵام لە ئاست پێویست دا نین و ڕێگری لە کوالیتی نزم ناکەن

٤.نەبوونی پسپۆڕی پێویست لە ئەندازیاری لە کۆمپانیاکانی دابینکار دا دەبێتە هۆی هاوردەکردنی کەرەستەی کوالیتی نزم بە بێ ویستی کۆمپانیاکان کە تەنها بیر لە قازانج دەکەنەوە

٥.بوونی ڕکابەری نرخ لە نێوان کۆمپانیاکانی دابینکار لەسەر ژماری کوالیتی کە هەتا نرخەکان دابەزێندرێن کوالیتی کەم دەکرێتەوە نەوەک قازانج.

٦.لە ڕێگەی پڕوپاگەندەی (ڕێکلام) نادروست بۆ کاڵاکان لەلایەن کۆمپانیاکانی دابینکار کار دەکاتە سەر بازارکردن بۆ ئەو بەرهەم و کەرەستانەی کە کوالیتی نزم و خراپن و وەک کەرەستەیەکی کوالیتی بەرز و باش دەناسرێنرێت

## بوارەکانی زیان گەیاندن

دەتوانین بە چەند خاڵیک باس لە بوارەکانی زیانگەیاندن بکەین لە کاتی بەکارهێنانی کەرەستەی ئەستروپۆڵ لە لایەن ئەندازیاران و خاوەن کار :

١. ئابووری و دارایی، بە بەردەوامی چاکردنەوە و گۆڕینی تەبەقەکان و چاکردنی جۆینت و نۆژەنکردنەوە و بۆیاخ کردنەوەی لەگەڵ گۆڕینی کەرەستەکە بە کەرەستەی تربەهۆی نەبوونی توانای بەرگەگرتن و بەردەوامی کەرەستەکە.

٢.کوالیتی ،دەبەزاندنی ئاستی کوالیتی کارکردن کە دەبێت ئەندازیار لە ڕووی کوالیتی و جوانی کارەکان چاوپۆشی بکات لە کاتی کاردا و لە ئاستی کەرەستەکەدا لیپرسینەوە بکات بەرامبەر بەڵێندەر یان جێبەجێکاری کارەکە .

٣.جوانی کار،بەپێی بەدواداچوونمان بۆ کەرەستەکە بۆمان دەرکەوت لەکاتی شکاندن یان کوون بوونی دەبێتە شوێنی کۆکردنەوەی باڵندەکان و زۆرینەی کەرەستەکە هەڵدەوەرێتە سەر زەوی شوێنی کارەکە و جوانی لە کارەکان دا نامێنێت و ڕوویەکی ناشرین دەدات بە پڕۆژەکە یان باڵەخانە ...هتد.

٤.مانەوە و پتەوی ،بەپێی سروشتی کەرەستەی ئەستروپۆڵ توانای مانەوە و بەرگەگرتنی نییە بۆیە پێویستە دوای چەند ساڵێك دووبارە کاری تیا بکرێتەوە و دابنرێتەوە یاخود بگۆڕێت بە کەرەستەیەکی تر کە ئەمەش دەبێتە زیانێکی گەورە بۆ خاوەنکار.

٥.کەرەستەی ناوخۆ ،لەکاتی بەکارهێنانی ئەستروپۆڵ دا هانی بەکارهێنانی کەرەستە ناوخۆییەکان نادات و دەبیتە هۆی بەکارهێنانی کەرەستەی هاوردەکراو و دورکەوتنەوە لە کەرەستە ناوخۆییەکان.

٦.بواری بینین(ناحیە بصریە)،لە زانستی تەلارسازیدا بواری بینین یەکێکە لە مەرجەکانی جوانی لە تەلارەکاندا کە ئەستروپۆڵ لەو بارەیەوە جوانی نابەخشێتە یەکەکە و تەنها بە بینایەکی (فقیر) دادەنرێت لەو بارەیەوە ،گەر بەراورد بکەین لە نێوان ڕووکارێک کە بە مەڕمەڕ ڕووپۆش کرابێت و بە ئەستروپۆڵ ڕووکەش کرابێت ئەو جوانییە بە ئاسانی لێکدەدرێتەوە و لێک جیا دەکرێتەوە کە مەڕمەڕ کوالیتی بەرز و جوانتر دەردەکەوێت.

## هۆشیاری تاک بۆ بەکارهێنان

هۆشیاری تاک بۆ بەکارهێنان لە هەموو بوارە جیاوازەکان دا زۆر گرنگە بۆ ژیانی ڕۆژانە و بواری تەلارسازی و بیناسازی یەکێکە لە بوارە گرنگەکان .
گەر هۆشیاری تاک لە کۆمەڵگەدا نەبێت ئەوە کۆمەڵگاکە بە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دادەنرێت ،هۆشیاری تاک یەکێکە لە ئەرکەکانی تاک خۆی پاشان بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و کۆمەڵگە بە گشتی ،گەر بە نموونە دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەربگرین بە شێوەیەکی گشتی هۆشیاری تاک بۆ بەکارهێنان زۆر کەمە و ئاستی ڕۆشنبیری تاکی کورد بۆ بوارەکانی تەلارسازی و بیناسازی نزمە و لە ئاست پێویست نییە.
لە هەڵبژاردنی کەرەستەکان دا بە تەنها بڕیار لەسەر بەرزی و نزمی نرخەکان دەدرێت ئەویش بە هۆکاری :

- ❖ دارایی :ئاستی دارایی کۆمەڵگە بڕیار لە هەڵبژاردنەکان دەدات و کام کەرەستەیە هەرزانە ئەوەیان زیاتر بەکار دێت
- ❖ ناسینی کەرەستەکان:دووبارە بوونەوە و بە زمانی گشتی چاولێکەری و بەدوادانەچوون بۆ ناسینی کەرەستەکان و نەزانینی زیانەکانی ئەو کەرەستانەی بەکاردەهێنرێن و هەڵبژاردنی کەمترین نرخ بۆ بەدەست هێنانی کەمترین تێچوو بە بێ بیر کردنەوە لە کوالیتی کەرەستەکان

لێرەوە ناتوانین کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەیەکی هۆشیاری هەڵبژاردنی کەرەستەکان پێناسە بکەین و پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت کە هۆشیاری تاک بەرز بکرێتەوە و ڕێگە بە زیانگەیاندن بە بواری تەلارسازی و دارایی کوردستان نەدرێت.

## ڕاسپاردەکان

- ✓ بەکارنەهێنانی کەرەستەی کوالیتی نزم .
- ✓ هاوردەنەکردنی کەرەستەی کوالیتی نزم.
- ✓ بەرزکردنەوەی هۆشیاری تاک بۆ بەکارهێنان.
- ✓ بەهەدەر نەدانی سامانی نیشتیمانی بۆ کەرەستەکانی ووڵاتانی دراوسێ کە کوالیتیان خراپن.
- ✓ بەکارهێنانی بەرهەمەکانی ناوخۆ و کەرەستە ناوخۆییەکان .
- ✓ هاندان بۆ بەکارهێنانی کەرەستە نیشتیمانی و ناوخۆییەکان.
- ✓ پاراستنی کەلەپور و تەلارسازی کوردی بە بەکار نەهێنانی ئەو کەرەستانەی دوورن لە شێوازی تەلارسازی کوردی.
- ✓ کردنەوەی ناوەندی توێژینەوە و زانستی بۆ ناساندنی بەرهەمی ناوخۆ و ئەو بەرهەم و کەرەستە دەرەکیانەی کە کوالیتیان باش و گونجاوە لەگەڵ کەش و هەوای کوردستان.
- ✓ ڕێگری لە کۆمپانیاکانی دابینکەری کەرەستە بیناسازیەکان بۆ کەرەستەی کوالیتی خراپ و ویست و قازانجی خۆیان بە دامەزراوەیی کوالیتی کۆنتڕۆڵ.

## دەرئەنجام

لەم ڕاپۆرتەوە دەگەینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین :

- ✓ ئەسترۆپۆڵ کەرەستەیەکی بیناسازی مۆدێرنە کە لەگەڵ کەش و هەوای کوردستان ناگونجێ
- ✓ کوالیتی کەرەستەکە بە بەراورد بە کەرەستە ناوخۆیی و دەرەکیەکان کوالیتیەکی نزمی هەیە و بە کەرەستەیەکی ئاست نزم دادەنرێت
- ✓ لە کاتی هاوردەکردنی ئەم جۆرە کەرەستانەدا تەنها زیان بە بواری ئابووری ناگەیەنێت بەڵکو زیان بە سامانی نیشتیمانی و بواری بیناسازی و تەلارسازی ئەدات
- ✓ دووبارەکردنەوەی شێوەی ئەو کەرەستانەی کە لە (پایە ،تاج،نەخش ...هتد) بە کەرەستەی کوالیتی نزم دووجار دەبێتە زیانگەیاندن بە ئابووری و دارایی و بیناسازی لە ناوخۆیی کوردستان
- ✓ بەهەدەردانی سامانی نیشتیمانی بە هاوردەکردنی ئەو کەرەستانە زیان بە هاندان بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی ناوخۆ دەگەیەنێت و لە ڕووی دارایی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە بەهەدەردان دەژمێرێت
- ✓ تێکدانی ئاستی تەلارسازی کورستان بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە کەرەستانە بە شێوەیەکی بەردەوام  دەبێتە تێکدانی ژێرخانی تەلارسازی و بیناسازی

## سەرچاوەکان


Material for Architects and Builders_ Arthur Lyons, 1997

Facade Construction Manual _Thomas Herzog, 2004

Materials for Design _ Victoria Ballard Bell, 2006

A History of Architecture _ Banister Fletcher, 1896

Building from tradition _Elizabeth M Golden ,2018

Modern Architecture _ Frank Lloyd Wright,1931

Create Your Own City , Sticker Book _ Antoni Gaudi,1862-1926